# ئەڵێم بڕۆم بۆ شارەکەت

**د. ئەحمەد ئەحمەدیان**
**(مهاباد)**

تەوارەکەم!
ژیار و ژیان و مان و لان و حاڵەکەم!
دڵ ئەرخەیانەکەم!
کەسی کەسم!
کە سێی هەناسەمی!
کەسایەتی و پێناسەمی!
کە تۆی بەشی وشەی گەشە و نەشە،
لە ناو دووتوێی قامووسی خەمڕەوێنی خەونی خۆت و خۆم،
هەگبە –وشەی، ئەتۆ!
بۆ تانوپۆی تەونی تۆکمەی خۆزگە و خەیاڵ و خەونی خۆ،
تۆ، سەروشە و دووهەم وشە و دوایین وشەی
ئەلفوبێتکەی تێکچندراوی فەرهەنگۆکمی!
پڕواتاو و تەژی لە ژین و ورشەدار و خۆری پڕ لە گڕشەگڕشمی،
تۆ واتای بێ هاوتای خانوولەی بوون و مان و هەستی کەوڤمی
زمان و زار و زاراوەی پێوەرمی و پێوانەمی،
تۆ پێشگر و تۆ پاشگری پڕ زاووزێی وشەدانی شاری شوناسمی،
تۆ تێکەڵاو و لێکدراوی گۆشت و پێست و ئێسک و
هەست و ویست و نەست و خوست و خەون و خوێنمی،
ئەتۆی ڕەسەنترین پێکهاتە و توخم و ماکەی بوون و مان و ژینمی،
تۆ ماکەی هەوەڵین و دواهەمین ئافراندنی ئافرێنەراغمی،
تۆی داهێنەر!
بۆ هۆنە و بۆنەی مانەوی هەرماغمی،
تۆ ماکە و توخمی گەوهەرینی و هەناوەکی بۆ ژیانەوەم،
تۆ ستران و تۆ لاوک و سیاچەمانە و حەیراغمی،
هەست بزوێنی و بیرڕاژێنی و دڵ ئەنگێوی و هزرشێوێن،
ئەتۆی هەودا و هێما و هەوێن و هۆ،
بۆ واتای هزری بزر و پاکژیی پێناسە و شوناسی خۆ،
تەواری تەرزی بەرزی بەرزە ڕۆیوی بەرزەفڕ ئەتۆی لە قەندیلی قەڵای عەوێقی ئاسمانەوە!
بەری بەیان لە شەقەی باڵ ئەدەی لە دوندی هزر و بیری بێ میناکەوە،
شەقەی شاباڵی شای شاخان،
سەیدای شۆخان و
چلچرای شکۆی شاراغمی!
کە ''دێ''م و دێم و ''دێ ''م و ''دێ''م، ئەڵێم بڕۆم بۆ



شارەکەت
کە چوارچرای چرۆ –ئاژۆی پێتەختی پڕ پیتی شوناسمی،
کە ڕاڤەی تاسە و ڕاسان و ڕاپسکانی پەسلانمی،
کە هۆ و هەودا و هەوێنی گشت هەبوونمی،
کلیل –وشەی دەرگای قەڵای پێشەنگانی
پێشکەوتنخوازیی پێشڕەوی!
شاسوار و شۆڕەسوار و شەنگەسواری شاری شانازیی
شکۆدارانی دڵ ئەستێنمی!
بەیاننامەی سنووربەزێنی کەوشەنی شکۆی شوناسی
شاراوەی،
شازادەی شاری بیری ژیاری ڕۆژاوا لە ڕۆژهەڵاتمی!
تۆ چارەنووسمی،
تۆ ڕووگەمی،
تۆ نوێنگەی گیرابوونی هانا و گازەمی!
پێنووسی بەخت و تەخت وهات و هەم نەهاتمی،
تۆ ژینگە و ژوانگەی پاکژی بۆ ژیان و ژان و بۆ ژوان،
تۆ باوکی بیر و بیری باو و باوی بیر و بیری باوکمی، گوڵم!
تۆ بێی پڕ پیتی سەروشەی بێستان و باغی بەر بەیانمی!
منیش ئەلف کە بێی ئەبینە ئەلفوبێی پڕ ئاوی ڕوونی
کانیاوی ژوان و ژین!
من دانەری فەرهەنگی ئەلف و بێی کووچەی دواڕۆژی
پێک لکانی بێ میناک ئەبم،
گەر بێی بڵێی کە دەمە یای وێنای ئایدای کووچەی گۆڕین!
تۆ ژان و ئاخ و ژووری ناخ و ژێی کەمانی ئەو دڵەی تەژی لە
ژەنگ و ژارمی،
کەوابوو ژێی کەمانەکەی دڵم! گوڵم!
دڵم لە ژەنگ و ژاری دابڕان و هەڵبڕانی دڵبەریت بشۆرەوە،
بەگوڕمی ئەو تەوژمە بێ سنوورە ژان بەزێنەیەت،
بە گوڕمی ئەو گڕی کوڵی دڵی پڕی لە ڕاز و ڕاژە و
هەژانەیەت،
تۆ بیخەڕێ دڵم بۆ ئاژوان بەرەو بناری ژینی نوێ،
تۆ بیخەڕێ دڵم، بەرەو ئەو ڕێچکەیەی کە گشت دڵان
دەکەونەڕێ بەرەو ئەوێ،
کە شاری پڕ ژیاری دوور لە ژەنگ و ژاری ژان و
پڕ لە ژوان و ئاژوان بەرەو ژیانەوە و هەژانی بەربەیان، ئەوێ،
ئەڵێم کە "دێ"م و دێم، ئەڵێم بڕۆم بۆ شارەکەت
ئەڵێم کە "دێ"م و "دێ"م و "دێ"م و "دێ"م
ئەڵێم کە دێم و دێم و دێم و دێم،
ئەڵێم کە: بێم،
تواوە پیتی ئەلف و بێم،
ئەڵێم کە بێم و "دێ"م، ئیتر نەڵێم: ئەڵێم بڕۆم لە
شارەکەت،
لە ڕێچکەیەک کە گشت دڵان دەکەونەڕێ بەرەو ئەوێ،
چلۆن بڕۆم، چلۆن بڕۆم،
لە ناخی یاخی خەونیشم خۆ ئەر بڵێم:
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت،
بڕوا مەکە، بڕوا مەکە!

ئەڵێم کە "دێ"م و دێم، ئەڵێم بڕۆم بۆ شارەکەت
کە ڕۆیشتنم، بە دەو بەرەو هەڵدێری دواکەوت هەنگاوم
پێ ئەنێ،
کە ڕۆیشتنم لە شار، دژی ژیار و ژیانەوە و بووژانەوە و
هەژان ئەبێ،
کە ڕۆیشتنم لە شار ئەبێتە ئاژوان بەرەو کەژاوەی ژەنگ
و ژاری
ژوان –بەزێن و ژان –هەژێنی ڕابوردووی خەسار،
کەوابوو من دژم بە ئاژوان بەرەو بەرەی هەڵاتووی دژبەری
دژی ژیاری شار،
کەوابوو من چلۆن دەڕۆم، چلۆن دەڕۆم!
تەوارەکەم!
ژیار و ژیان و مان و لان و حاڵەکەم!
دڵ ئەرخەیانەکەم!
کەسی کەسم!
کە سێی هەناسەمی!
کەسایەتی و پێناسەمی!
ئەڵێم کە "دێ"م و دێم، ئەڵێم بڕۆم بۆ شارەکەت
تەوارەکەم،
بەری بەیانەکەم!
بەبۆنەی بەربەیانی بۆنەی بوونەیەک!
بەرەبەرە لە ئەمبەر ئەوبەری بەری درەختی بێتم بێ بەری
مەکە!
کە خۆت بەری درەختی بانی بیری باوی شاخ و شارمی!
بە بۆنە و بیانووی ئەو بەرامە و بۆن و بۆنەوە،
درەختی تەختی بەختی وەخت و سەردەمانی خۆت و
خۆم و خزم و خۆ،
چرۆ و گوڵ و گەڵا گەڵا گەڵایی گوڵ –نیشان و گەل –
نیشان ئەکا!
گوڵم! ئەتۆ گەرای گڕی گڕووی گەڕیانی بوون گەرای گەلی!
بیری نوێباو و باوی بیری بوون گەرات، گەڕیان گەڕیان،
گەرای کردووە چ نوێ گەرایە ئەو گەرای گۆڕین!
تۆ شاری شەوبەزێنی بێ دژ و قەڵای قەڵافەتی بەری بەیانمی!
لە ڕۆژهەڵات تۆ بەژنی ژین –هەژێنی بێ دژ و ڕکابەری
کەژی ژیانەوەی،
تۆ کیژی ژیری بیری ڕۆژی باوی پڕ هەتاوی ڕۆژئاوای
بەڵێندەری!
کەوابوو من چلۆن ئەڕۆم، چلۆن ئەڕۆم!
لە شارەکەت چلۆن ئەڕۆم!
دەڵێم کە بێم، بەری بەیان! چلۆن ئەڕۆم!
کە تواوم و بوومە سەروشەی وشەی بە پیتی بەر بەیان!
کەوابوو دێم و
دێم و دێم و دێم و دێم!
کە "دێ"م و "دێ"م و "دێ"م و "دێ"م:
ئەڵێم بڕۆم بۆ شارەکەت،
کە شار و ژیار و ژیان و مان و حاڵ و ماڵمی،
تەوارەکەم!